# چاوخشاندنێک بە سەرکەوت

-٢-

**شەحنکەرەوەی پورتێبل کە زاراوەی ناو بازاڕ بە (شەحنی سەفەری) ناسراوە، ئەو باترییانەن کە لەگەڵ ئەوەیدا خۆیان بەهۆی وزەی کارەباوە شەحن دەبنەوە، دواتر دەتوانن ئامرازە دیجیتالییەکانی وەك مۆبایل، کامێرا، تەبلێت...تاد، بارگاوی واتە شەحن بکەنەوە. ئەم شەحنکەرەوە سەفەرییانە (شارژێر پورتێبڵ) کە ناوە بازاڕییەکەی تەواو گونجاوە واتە شەحنکەرەوەیەك کە لە کاتی سەفەر و گەشت و گەڕاندا دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، ئەوەش سوودێکی زۆر بە خاوەنەکەی**



## شەحنکەرەوەی جۆری Just Mobile Gum Max Duo

ئەم شەحنکەرەوە پۆرتێبڵە، خاوەنی دوو پۆرتی USBیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگونجێت کە لەیەك کاتدا دوو ئامێر پێکەوە شەحن بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر یەکێك لەو دوو ئامێرە ipad Airیش بێت، چونکە توانای شەحنکردنەوەی زۆر بەهێزە.



## شەحنکەرەوەی جۆری Oyama Power Bank with Lightning cable

لەو شەحنکەرەوەیەدا بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر بەباشی سوودی لێ ببینێ، کێبڵەکەیان بە ئامادەیی بۆ داناوە، تاکو پێویست بە کێبڵی دیکە نەکات. هێزی باتری لەم شەحنکەرەوە پۆرتێبڵەدا 1500mah کە ئەمەش توانایەکی تا رادەیەك گونجاوە بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل.

## شەحنکەرەوەی جۆری patriot fuet

ئەم شەحنکەرەوەیە خاوەنی دوو پۆرت واتە کەلێنی USB یە و پشتیوانی لە ئایپادیش دەکات. تایبەتمەندییەکی گرنگی شەحنکەرەوەی ناوبراو لەوە دایە کە هەرکاتێك یەکێك لە ئامرازەکان شەحن بۆوە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وزە لەم پۆرتە دەپچڕێت بۆ ئەوەی کە وزەی بە فیڕۆ نەڕوات. تایبەتمەندییەکی دیکەی شەحنکەرەوە پۆرتێبڵەکە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەیدا تەبلێت یان مۆبایل شەحن دەکاتەوە دەتوانێت خۆشی شەحن بکرێتەوە.

# ووترین شەحنکەرەوە پورتێبڵەکان

**دەگەیەنێت، بۆ نموونە بۆ گەشت و گەڕان چوویتە سەر یەکێك لە چیا بەرزەکان و بەهیچ جۆرێك دەستت بەکارەبا ڕاناگا، نیازت هەیە وێنەیەك لەم دیمەنە دڵڕفێنانە هەڵبگرێت، بەڵام، مۆبایلەکەت، یان کامێراکەت تەواو شەحنی دابەزیوە، ئەوکات نە دەتوانی پەیوەندی بکەی و نە وێنەیەك بگری، شەحنە سەفەرییەکان بۆ ئەم کاتانە بەڕاستی گونجاون، لێرەدا چاوێك بەسەر چەند شەحنکەرەوەیەکی سەفەری (شارژێر پورتێبڵ)دا دەخشێنین و تایبەتمەندییەکانیان باس دەکەین.**







## شەحنکەرەوەی جۆری
## Elgato Smart Power

یەکێك لە باشترین شەحنکەرەوە پۆرتێبڵەکانە، جگە لەوەی ستایلێکی جوانی هەیە، سیستەمی بلوتوسیشی هەیە، پاش دابەزاندنی پرۆگرامی smart Power کە لە زیاتر بۆ مۆبایلی ئایفۆن دەگونجێت، زانیاری پێویست سەبارەت بە شەحنکردنەوەکە لەسەر شاشەی مۆبایلەکە نیشان دەدات وەك ڕێژەی باتری و چەند جار شەحنکردنەوە. دوو هەتا سێ جار مۆبایل شەحن دەکاتەوە، بەڵام تەنیا بۆ یەك مۆبایل دەبێت واتە شوێنی دانانی دوو کێبڵی نییە.

## شەحنکەرەوەی جۆری
## Calibre ULTRA’GO mini Power Charging Station

ئەم شەحنکەرەوەیە زیاتر بۆ ئەوانەی کە هەڵگری مۆبایلی ئایفۆنن گونجاوە و تایبەتە بە مۆبایلی ئایفۆن، دەتوانێت دوو جار بەتەواوی مۆبایلی ئایفۆن شەحن بکاتەوە، ئەگەر مۆبایلەکە شەحن بوویەوە ئۆتۆماتیکی شەحنکەرەوەکە دەکوژێتەوە و بەمەش وزە زیادی بە فیڕۆ ناڕوات.



# ئامێرێک بۆ پەتا و نەخۆشییەکانی وەرزی سەرما

وەرزی زســـتان بەڕێوەیە، نەخۆشی و پەتاکانی وەرزی زستان وەك پەسیو و كۆخە و نەخۆشی دیکە بەرهەمی ئەم وەرزە ساردەن. لەم وەرزە ســـاردە زۆر ڕێوشـــوێن دەگرێنە بەر بۆ ئەوەی کە لەم نەخۆشییانە بە دوور بین، وەك جلی گەرم و ژووری گەرم...

ئەم ئامێرەی کە وێنەکەی لێرەدا دەیبینن هی کۆمپانیای (دایسۆن)ە و بۆ وەرزی ســـاردە، ئەرکی ئامێرەکە پاڵاوتنی هەوا و شێدارکردنی ژوورە، چونکە ڤایرۆســـەکانی تایبەت بە سەرما لە شوێنی شێداردا خۆیـــان ناگرن. ئەرکـــی ئامێرەکـــە ئەوەیە لە ســـەرەتادا هەوای ناتەندروست بپاڵێوێ و دواتر هەڵمێکی بۆنخۆش بڵاوبکاتەوە.

”جیمیس دایســـۆن“ بەڕێوەبـــەری کۆمپانیای دایســـۆن رایوایە: ئامانجـــی ســـەرەکی چێکردنـــی ئەم ئامێـــرە بۆ ئەوەیـــە پێش بە نەخۆشییەکانی سەرمابوون و پەسیو بگرێت. ئامێرەکە لەسەرەتادا ئاوی ناو ئامێرەکە بە تیشـــکی سەرووی وەنەوشـــەیی پاك دەکاتەوەو پاشان هەڵمی ئـــاو بڵاودەکاتەوە کە گوایە 99%ی باکترییەکان بەهۆی ئەم هەڵمەوە لەناو دەچن. ئامێرەکە 18 کاتژمێر بەبێ شەحن کار دەکات، هەروەهـــا کۆنترۆڵ لە ڕێگەی دووری هەیـــە دەکرێت پلەکانی بەپێی کاتەکانی رۆژ ڕێك بخەی، جێگەی ئاماژەیە دەکرێت ئەو ئامێرە لە وەرزی هاوینیشدا لەبری پانکە سوودی لێوەربگیرێت.



## مەچەکبەندێک لە مەت




مەچەکبەندی دیجیتالی کە چەندین جار توانـــا و جۆرەکانیمان لـــەم فایلە ئایتییـــەدا بڵاوکردۆتـــەوە، گرنگی و توانـــا و رۆڵـــی جۆراجۆریـــان هەیە، زۆربەیـــان تایبەتن بە تەندروســـتیی جەســـتەیی بەکارهێنەرەکـــەی، بەڵام مەچەکبەندی جۆری SpotNsave کە لە ڕێگەی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێـــت، خزمەتگوزارییەکی زۆر گرنگـــی تێدایـــە، بەتایبەتـــی لەسەردەمە مەترسییەکاندا. بۆ نموونە بەکارهێنـــەری مەچەکبەندەکـــە لـــە شـــوێنێکە لەناکاو تووشی هەڕەشە و

## پرۆگرامێک بۆ چێکردنی س




بۆ چێکردنی ســـایت واتـــە ماڵپەڕێکی تایبـــەت بەخۆت، یان بە کۆمپانیا، یان بە نووســـینگەکەت پێویســـتیت بە زانیاری تایبەت بە چێکردنی ســـایتە کـــە ڕەنگە هەموو کەس ئەو شـــارەزاییەی نەبێت، چونکە پێویستی بە زانیاری سەبارەت بە کۆدەکانی HTMLـە، بەڵام گەر نیازت هەیە، بەبێ هیـــچ زانیارییەك و لە ڕێگەی دیکەوە و بە شـــێوازێکی ئاســـان ماڵپەڕێك بۆ خۆت چێبکەی ئەوە لە پرۆگرامی Easy website pro سوود وەربگرە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکـــی بەڕێز دەپرســـێت ئایا راســـتە دەگوترێت کە بەبێ ویســـتی خۆت هاککەرەکان دەتوانن کامێرای لاپتۆپەکەت بکەنەوەو بتانبینن؟ لەوکاتەوە ئەوەم بیستووە زۆر نیگەرانم ئەگەر ئەمە راستە چ بکەم؟

خوێنەری بەڕێز دەبێ بڵێین بەداخەوە ئەمە راســـتە، هاککەرەکان دەتوانن وێب کەم واتە کامێرای لاپتۆپەکەت بکەنەوە، ئەگەر هەستت بەوەی کرد گلۆپی تەنیشـــت کامێراکەت بە ویستی خۆت هەڵبووە، ئەوە بزانە لەوکاتەدا ســـەیر دەکرێی. شـــێوازگەلێکی زۆر هەن بۆ ئەوەی کە هاککەرەکان کامێراکەت هەڵنەکەن، وەك دانانی باشـــترین پرۆگرامی دژە ســـیخوڕی anti spyware، یـــان ئەو کاتانەی کە لەسەر هێڵ ئینتەرنێت نی، هێڵەکەت دابخە، یان گونجاوترین ڕێگا ئەوەیە تێپێکی ڕەش لەسەر کامێراکەت بدە.



## ــــرسی ئاگادارت دەکاتەوە

مەترسی دەبێت و ڕێگای پێنادرێت تەلەفۆن بۆ کەسانی نزیکی بکات، بەتایبەتی لەم قۆناغەی ئێستای عێراقدا کە مەترسییە لابەلاکان گەلێکن، تەنیا بە دەست راوەشاندنێك مەچەکبەندەکە کورتەپەیامێك کە پێشووتر تێیدا تۆمارکراوە، بۆ نزیکترین کەست بەڕێ دەکات و لە مەترسییەکەت و شوێنی مەترسییەکە ئاگاداری دەکاتەوە. مەچەکبەندەکە ئۆتۆماتیکی بە هەر دوو خولەك جارێك شوێنی بەکارهێنەرەکەی بە سوودوەرگرتن لە نەخشەی گوگڵ دەستنیشان دەکات.

## ـــــــایت بە ئاسانترین شێواز




پرۆگرامی ئاماژە بۆکراو یەکێکە لە پرۆگرامە نوێ و جیاوازەکانی دیزاین و دانانی سایت. لەم پرۆگرامەدا دەتوانی خۆت رووکاری سایتەکەت هەڵبژێری کە چەندین رووکاری تێدایە، خۆت باکگراوەندی ماڵپەڕەکەت دیاری بکەی. لە ماڵپەڕەکەتدا دەتوانی کلیپ، وێنە، لۆگۆ، دوگمە، ئەنیمەیشن، فلاش و مۆسیقای تایبەت بەخۆت تەنیا بە کلیکێك دابنێی. هەرکاتێکیش حەزت لێ بوو، دەتوانی دەستکاری رووکاری سایتەکەت بکەی.



## کۆمپیوتەرێکی زۆر بچووک بە دڵێکی گەورەوە

دە ساڵ بەر لە ئێستا رەنگە بە زەینتاندا نەهاتبا کە کۆمپیوتەرێکی بچووك بەقەد فلاش میمۆرییەك بە خێرایی و لێکدانەوەیەکی زۆرەوە چێ بکرێ، بەڵام هەروەك دەبینن کۆمپیوتەری زۆر بچووکی ARM-D01 کە تەنیا چوار ئینج دەبێت و کێشەکەی 46 گرامە، بەرهەم هاتووە، کۆمپیوتەرێك کە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و زۆربەی ئەرکی کۆمپیوتەرە مەزنەکانیش ئەنجام دەدات، بچووك بەڵام مەزن! خێراییەکەی 1.33 گیگاهێرتزە، خێراییەك کە دە ساڵ لەمەوبەر کۆمپیوتەرە مەزنەکان بەم شێوەیە بوون.

کۆمپیوتەرەکە پۆرتێك واتە کەلێنێکی دانانی کێبڵی HDMI و دوو پۆرتی USB و شوێنی دانانی میمۆری کارت و بلوتوس و وای-فای هەیە. هاردەکەی 32 گیگابایتە. لەگەڵ گشت سیستەمێکی وەك ئەندرۆید و ویندۆز و لینۆکس دەگونجێت.






## سایتێک سەبارەت بە زانیاری لەبارەی فیلمەوە

زۆر جار هەیە دانیشتووین بە دیار سەیرکردنی فیلمێکی سینەمایی، یان درامایەکی تەلەفزیۆنی حەز دەکەین بزانین ئەم فیلمە، یان ئەم درامایە کەی چێکراوەو ئەکتەرەکانی کێن. ئەگەر حەز دەکەن زانیاریتان هەبێت لەبارەی ئەکتەرەکانی فیلم، یان درامایەك، یان چۆنیەتی فیلمهەڵگرتنەوە و دیتنی وێنە و دیمەنە گرنگەکانی فیلمەکە، رێکەوتی بەرهەمهاتنی و چۆنیەتی بەرهەمهاتنی بزانن، دەتوانن سەر لە سایتی Movie Sheets بدەن، لەم سایتەدا ئەوەی پێویستە لەبارەی فیلم، یان ئەو درامانەی حەزیان لێدەکەی، دەزانی.